فرهنگی اجتماعی سیاسی اقتصادی

# رۆژهەڵات

Rojhelat Independent Weekly

دوشنبه ۲۴ مرداد ۱۳۸۴ ■ ۹ رجب ۱۴۲۶ ■ ۱۵ آگوست ۲۰۰۵

سال دوم ■ شماره‌ی ۳۷ ■ ۱۶ صفحه ■ ۱۰۰ تومان


## هنر مدرن ، هنر ایرانی ، هنر کردی



«علی اصغر قره‌باغی» را می‌توان از محدود منتقدانی به شمار آورد که آغازین بار هنر مدرن را از صافی تیزبین نقد خود گذراند. وی هم‌اکنون مسئول بخش هنرهای تجسمی نشریه‌ی «گلستانه» می‌باشد. حساسیت نقدهای قره‌باغی را می‌توان در سلسله مقالات وی در «گلستانه» با عنوان «هنر نقد هنری»، «تبارشناسی نقد هنری»، «پیشگامان نقاشی قرن بیستم»، «هنرمندان معاصر جهان»، و «واژگان اصطلاحات فرهنگ جهانی» دریافت. هدف این گفتگو... صفحه‌ی ۶

## شناخت، واقعیت، تغییر



زمختی و کلی‌گرایی حاکم بر واقعیت‌های اجتماعی و سیاسی زندگی ما، همواره این امکان را سلب کرده‌است که مفاهیم محوری و با اهمیتی چون «شناخت انسانی»، «واقعیت»، «تغییر» و... و بررسی نوع ارتباط آن‌ها و تأثیرات‌شان بر یکدیگر در کانون توجه روشنفکری ما قرار گرفته و بر اساس نتایج برآمده از فهم آن‌ها به زیست/ جهان‌مان نگریسته شود. این میزگرد تلاش دارد تفسیر خود از این مفاهیم را در عرصه‌ی روشنفکری کردی ... صفحات ۸ و ۹

### لە گەڵ تەواوبوونی ماوەی نووسینی یاسای بنەڕەتیی عێراق، چاوەڕوان دەکرێ؛

# ڕێکەوتنی کورد و شیعە



لەرۆژانی رابردوودا، شاری بەغدا چەندین کۆبوونەوەی گرنگی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا بەخۆوە بینی، ئەم کۆبوونەوانە کە لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی؛ سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێوە دەچێ، بۆ کردنەوەی گرێیەکانی بەردەم رەشنووسی یاسای بنەڕەتیی عێراق سازکراوە. لە چەند رۆژی رابردوودا، چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە لەنێوان هاوپەیمانی کوردستان و ئیتیلافی یەکگرتووی عێراق (شیعە) و هەروەها لایەنە سیاسییەکانی دیکە و کوردستان سازدرا.

بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاو بۆتەوە رۆژی شەممەی رابردوو لە دوو کۆبوونەوەدا کە لە لایەن سەرکردایەتیی کورد و شیعەدا بەڕێوە چوو، هەر دوولا لەسەر خاڵە هەڵواسراوەکانی دەستوور (یاسای بنەڕەتی) باس و وتووێژیان کرد و رەزامەندیی خۆیان بۆ دانیشتنەکان دەربڕی.

بەپێی هەواڵی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دوای کۆبوونەوەیەکی نێوان... بڕوانە لاپەڕەی ١٥



جامعە



سیاسی



فرهنگ



وتووێژ



سیاست



تیۆر

## سەروتار

## ڕووداوەکانی کوردستان و قۆناغێکی نوێ

ڕەزا عەلیپوور

١ زۆرجار نووسین دژوارە، لە هەندێ کاتدا دژوارتر، دژواریی نووسین بە شێوەیەکی باو، پێوەندیی بە مەرج و بەرپرسایەتییە ناوخۆییەکانی بابەتی نووسینەکەوە هەیە، بەڵام لەو کاتانەی وا دژوارتر ئەبێتەوە، ئیتر ئەمە تەنیا بەرپرسایەتی و مەرج و لەمپەرە ناوەکییەکان نییە نووسەر تووشی دژواری دەکات، بەڵکوو کۆمەڵێک شتی دیکەیە کە لە دەرەوەی نووسین گەمارۆی نووسراوە و نووسەر دەدات، هەر لێرەوە دەتوانم بڵێم نووسین لەسەر ڕووداو و کێشەکانی ئەم دواییەی کوردستان -وێدەچێ نەک هەر بۆ من بۆ هەندێ کەسی دیکەش- دژوار دەبێتەوە، ئەویش لە فەزایەکی تایبەتی وەهادا کە پێویستە مەودایەکی زەمەنی لەگەڵ کۆی ڕووداوەکەدا دروست ببێ کە بکرێ شیکردنەوەو لێوردبوونەوەو خوێندنەوە، خێرا هەڵوێستگریی سۆزدارانە یان لایەنگریی ئایدیۆلۆژیکی لێنەکەوێتەوە، ئەکرێ ئەمەشمان زانیبێ تێڕامان و نووسین دەربارەی کارەسات و ڕووداو لە وەسەت و ناوەڕاستیدا و بەبێ مەوداگرتن ناکرێ، یانی نووسین دەربارەی کارەسات و ڕووداو، نووسینە بە ئەمری واسیتەدار و ناوکۆییەوە، ئێستە دەکرێ ئەم واسیتە و مەودایە، مەودایەکی کاتی یان مەکانی بێت یاخۆ مەودایەکی عاتفی، بۆیە نەبوونی ئەم حاڵەتەش نووسین لەسەر ئەم ڕووداوانە دژوارتر دەکاتەوە، مەگەر ئەوەی مەبەستمان لە نووسین هەڵوێستگرتن، یان ڕەفز و تەئیدکردن بێت بە تەنیا، کە ئەمە باسێکی دیکەیە.

٢ قۆناغە زەمەنییەکان هەندێجار لە چرکەساتێکدا دەگۆڕدرێن و هەندێجاریش بە شێوەیەکی کاوەخۆ و هێواش و ڕەنگە بەبێ ئەوەی هەستیان پێبکرێت، لەدنیای ئەمڕۆداکە ڕوانین بۆ مێژوو و زەمەن لە فورمە هێگێلییەکەیدا جێگەیەکی نییە و بڕوا بە مێژووی تۆتاڵ (گشتی) جێگەی خۆی بە مێژووی تایبەت داوە، ئەکرێ باس لەوە بکەین سەرەرای شەپۆلەکانی جیهانیبوون و چەمک و باسە پێوەندیدارەکان بەم پرۆسەیەوە، دیسان بابەت و ئەمری لۆکاڵ و تایبەتی جێگەی دیار و بەرچاوی خۆیان هەیە کە مێژوو، یان قۆناغی زەمەنیی شوێنێک زۆرجار پێڕەوی ئەو بابەتە لۆکاڵ و ڕووداوە تایبەتانە دەکا و لەو شوێنە تایبەتەدا ڕوودەدەن. هەربۆیە ڕووداوە تایبەت و لۆکاڵییەکان، توانای ئەوەیان هەیە قۆناغێکی زەمەنیی دیکە لە مێژووی ئەو شوێنە تایبەتەدا بهێننە ئاراوە.

٣ ئەکرێ لەوە دڵنیا بین ئێمە ئەم ماوەیە کەوتینە ناو قۆناغێکی دیکەوە، قۆناغێک کە زیاتر لەوەی بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژ خایەن و هێواشی گۆڕان بێت، بەرهەمی ڕووداوە، ڕووداو خۆی لە خۆیدا ئەو ئەمرو دیاردەیە کە ڕەوتی ئاسایی مێژوو و دیاردەکان تووشی وەستان، لادران و گۆڕان دەکا و کۆمەڵێک ئایدیای وەک بەردەوامێتی، هاوبەستراوی و نەپچڕان و... تووشی گرفت دەکا، ئەگەر بەم ڕوانینەوە سەیری کۆمەڵگای خۆمان بکەین ئەکرێ بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دەڵێین کەوتینە قۆناغێکی دیکەوە، لانیکەم ئاوڕ لە دوو فاکتۆری بەرچاو بدەینەوە؛ یەک: هەڵبژاردن و هاتنی سەرۆک کۆمارێکی نوێ بە کۆمەڵێک پرۆگرام و دروشم و پرەنسیپی جیاوازەوە کە خۆی وەک جەختیشی لەسەر کردووە سەردەمێک و قۆناغێکی جیاواز لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە وەک دەزانین ئەمە گۆڕانێکە و بڕیارە لە هەموو ئێراندا سەر بگرێ، دوو؛ ئەم کێشە و ڕووداوانەی لەم ماوە دواییەدا لە کوردستان بینرا، خۆی دەرخەری ئەوەیە، یان ڕاستتر بڵێین نیشاندەر و داواکاری ئەوەیە کە ئێمە پێوەی بگەینە قۆناغێکی دیکە، یان با بڵێم دەمانترازێنێتە ناو قۆناغێکی دیکە و جیاوازەوە کە خاوەنی ئەگەر، ناوەڕۆک و تایبەتمەندیی خۆیەتی.

٤ بێ ئەوەی بمەوێ بەشێوەی موحافزەکارانە بڕوانم، پێموابێ تێگەیشتن لە چییەتی و تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە نوێیە و حوکمدان لەسەری، پێویستی بەوە هەیە چاوەڕێی ئەو گۆڕانانە بین کە بەشێوەیەکی بەرهەست و ئینزمامی خەریکن ئەکرێن، ڕەنگە بکرێت هەر لە ئێستەوە کۆمەڵێک گریمانە و شیمانە (احتمال) سەبارەت بەم قۆناغە نوێیە ساز بکەین بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەمە زیاتر لە حوکمی پێشگۆیی و یان لە حاڵەتێکی باشتردا پێشبینیدا دەمێنێتەوە. هەربۆیە وەک چۆن مرۆڤ لەهەمبەر شوێنی تازەدا هۆشیارانەتر هەڵدەسووڕێ، ئێمەش ناچارین بە هۆشیارییەوە لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەدا هەڵسوکەوت بکەین ئەمەش شتێکە کە هەندێکەس پێیانوایە بەم ڕووداوانەوە، ڕەچاو نەکرا. هەرچۆنێک بێت سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم ماوەیەی کوردستانیش و بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرێتی و... بڕوانە لاپەڕەی ١٥

## تیتر


ڕوانینێکی دیکە بۆ سیکۆلاریزم — لاپەڕەی ١٢

بیانیه‌ی فعالین سیاسی کرد در مورد وقایع اخیر — صفحه‌ی ۲

ئەدەبی تاراوگە و نیشتمان — لاپەڕەی ١٤

آینده‌ی کردهای عراق؟ — صفحه‌ی ۲

غرووری فەلسەفە و فاڵی قاوە — لاپەڕەی ١٤

کردها و کابینه‌ی احمدی‌نژاد — صفحه‌ی ۳

چارەسەری دیموکراتیک تەنیا چارەسەرە — لاپەڕەی ١٥

از تروریسم سرخ تا تروریسم سبز — صفحه‌ی ۷



